# ڕێگاکانی گەیشتن بە زانینی دڵنیایی لای ئەبو حامد غەزالی

**م. ی. هاوكار حەمەد خدر**
بەشی فەلسەفە / کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی ڕاپەڕین
hawkarhamad@gmail.com

**پوختە:**

مرۆڤ هەمیشە لەهەر قۆناغ و بارودۆخێکدا بوویێت هەمیشە لە هەوڵی بەدەستهێنانی زانینێکی ڕاستەقینەدابووە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگا و ڕێباز و میتۆدی جیاوازی گرتۆتەبەر و تاقی کردۆتەوە، غەزالی وەکو خۆی ئاماژەی پێدەکات کەم گرووپی کەلامی و ڕێبازی فەلسەفی ماوە شارەزایی تێیدا نەبوویێت و لەڕێگەیەوە هەوڵی بەدەستهێنانی زانینێکی گومان هەڵنەگری نەدابێت، هەرچەندە مرۆڤ بەهۆی چەندین ڕێگای جیاواز دەتوانێت بزانێت، وەکو (هەستەکانمان و ئەقڵ)، بەڵام غەزالی ئەو جۆرە لە زانینە ڕەت دەکاتەوە و پێیوایە کە ناتوانین بەهۆیانەوە هەموو شتێک بزانین، هەتاوەکو لەدواجاردا ئەم زانینەی بەهۆی ڕێبازی سۆفیزمەوە بەدەستدەهێنرێت پەسەند دەکات، لە کۆتاییدا گەیشتین بەو ئەنجامەی غەزالی پێیوایە تەنها زانینی سۆفییەکان هیچ جۆرە گومانێک هەڵناگرێت، چونکە لە سەرچاوەیەکی کامڵ و بێ کەموکورتییەوە دەتوانین بە دەستی بهێنین، ئەویش خودایە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕووناکییەوە دەبێت کە خودا دەیپەخشێنێتە ئەو دڵانەی کە بە نووری ئیمان ڕووناک کراونەتەوە و لە کار و کردار و گوفتاری ناشیرین پاککراونەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستی هەردوو میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری پەیڕەوکراوە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێک.

**وشە سەرەکییەکان:** غەزالی، زانین، سۆفیزم، گومان، ئەقڵ، دڵنیایی.

## پێشەکی

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری زانین یەکێکە لە لقە هەرە گرنگەکانی فەلسەفە، هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستا گرنگییەکی زۆری پێدراوە لە نێو هزرڤانان و هەوڵیانداوە وەڵامێکی گونجاوی سەرجەم ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە سەبارەت بە زانین کراون، ئایا زانین شیاوە؟ سروشتی زانین چییە؟ سنووری زانین تا کوێیە؟ مرۆڤ توانای زانینی هەیە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەی لەم بابەتانە، بەڵام شێوازی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە جیاوازبوو، ئەمەش بە هۆی جیاوازی فەلسەفە و ڕێبازی فەیلەسووفەکان.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی تیۆری زانینی غەزالی دەکەین، کە یەکێکە لە فەیلەسووفانی ئیسلامی و تێڕوانینێکی تاڕادەیەك جیاوازی هەیە لە هەموو ئەوانە کە زانین دەگێڕنەوە بۆ ژیر و هەست ، چونکە لە ڕوانگەی ئەودا ئەم ڕێگایانە هیچ دڵنیاییەکیان تێدانییە و لێیانەوە ناگەینە زانینێکی تەواوەتی، بە بۆچوونی ئەو زانین لەڕێگەی ئەو ڕووناکیەوەیە کە خودا دەیپەخشێنێتە نێو دڵ، بەڵام دڵێك کە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی سەرجەم زانینەکان، گەیشتن بەوەی کە هیچ شتێك لە وێنەی نییە و بەهیچ شتێکیش ناچوێنرێ، هەروەها بە هەستەکان دەرك ناکرێ و بە ژیریش ناتوانین پێیبگەین، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی سۆفیزمەوە دەتوانین بەم جۆرە زانینە جەختە بگەین، ئەویش لە ڕێگەی خۆ دابڕینی دەروونی مرۆڤ لە هەموو پەیوەندییەکی نادروستی ئۆبژێکتیڤی نێو جیهان، یاخود بە واتایەکی دیکە لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە حەز و ئارەزووە دونیاییەکان، ئەم جۆرە زانینەش پێویستی بە کۆششێکی زۆری دەروونی دەبێت دوای ئەوە خوا بەگەورەیی خۆی ناخی ئەو کەسە ڕووناك دەکاتەوە و زانینی پێدەبەخشێت ئیتر لەوێوە کەسی سۆفیزمی دەبێتە خاوەنی زانینی دڵنیایی و هیچ گومانێك لە زانینەکەی ناکرێت، هەربۆیەش ئەم جۆرەی زانینی سۆفیزمەکان

بەلای غەزالییەوە باشترین جۆری زانینە و لە سەرووی سەرجەم زانینەکانی دیکەوە دایدەنێت.

لە توێژینەوەکەماندا زیاتر هەوڵمانداوە میتۆدی شیکاری بەکاربهێنین بۆ ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی تێکستەکان .

**پلانی توێژینەوەکە:** پێکهاتووە لە دووبەش و پێنج باس، بەشی یەکەم لە ژێر ناونیشانی**"ئەپستمۆلۆژی و مێتۆدی زانین لای غەزالی"** کە پێکهاتووە لە سێ باس، باسی یەکەم بەناوی" سەرەتایەك لە بارەی ئەپستمۆلۆژیا" لەم باسەدا هەوڵمانداوە وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییانە بدەینەوە کە لە تیۆری زانیندا دەکرێن، ئێمەش بەپێی ڕێبازە فەلسەفییەکان و هزرڤانان وەڵامی ئەو پرسیارانەمان داوەتەوە و ڕاڤەمان کردوون، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی باسمان لە پڕۆسەی زانین کردووە؛ باسی دووەم "مێتۆدی گومان لای غەزالی" باسمان لەوە کردووە کە چۆن سەرەتا غەزالی کەوتۆتە گومان لە سەرجەم ڕێباز و گرووپ و ئاینە جۆربەجۆرەکانی ئەو سەردەمە کە هەبوون، هەروەها ڕەتکردنەوەی زانین لە ڕێگەی "هەست و ژیر" وەکو سەرچاوەیەکی جەختی زانین و هۆکاری ڕەتکردنەوەکەیان؛ هەروەها لە باسی سێیەمدا"زانینی ڕاستەقینە لای غەزالی" باسمان لەو جۆرە زانینە کردووە کە غەزالی بە ڕاستی زانیوە و هەڵیبژاردووە، ئەویش ڕێگای سۆفیزمە لە زانیندا، کە بەلای ئەوەوە دڵنیاترین جۆری زانینە.

بەشی دووەم لە ژێر ناونیشانی"**جۆر و پلەکانی زانین لای غەزالی**" کە پێکهاتووە لە دوو باس، باسی یەکەم "جۆرەکانی زانین لای غەزالی" لەم باسەدا باسمان لە جۆرەکانی زانین کردووە کە غەزالی دیاریکردوون، یەکەمیان زانینی دەروون کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بە خودا بگات و بیناسێ، دووەمیان زانینی زەمینی، غەزالی پێیوایە مرۆڤ بۆئەوەی لە ژیاندا بەردەوامبێ پێویستی بە

کۆمەڵێك شت هەیە بۆئەوەی بیزانێ و ژیانی دنیای پێ ڕێکبخات، سێیەمیان زانینی ڕۆژی دواییە کە غەزالی پێیوایە ئەم زانینە بەرزترە لە زانینی دنیایی، مرۆڤ لە دونیادا پێویستە کاری باش بکات بۆئەوەی لە دوارۆژدا بەختەوەربێ؛ باسی دووەم "پلەکانی زانین لای غەزالی" لەم باسەشدا باسمان لەو سێ پلەیەی زانین کردووە کە غەزالی بۆ زانین دیاریکردوون، ئەوانیش یەکەم: زانینی خەڵکی گشتییە، ئەم جۆرەیان زانینی تێدانییە و زانینەکەیان بە شێوەی داب و نەریتە، زیاتر لاساییە و پلەیەکی نزمیان هەیە لە زانیندا، دووەم: زانینی زانستییە، ئەو زانینە پلەیەك بەرزترە لە زانینی خەڵکی گشتی، چونکە ئەمانە پشت بە لۆژیك و بەڵگە دەبەستن لە زانیندا، سێیەم: زانینی سۆفییەکانە و جیاوازە لە وانی دیکە بەلای غەزالییەوە ئەم زانینە زانینی باڵایە و لە هەموو جۆرەکانی دیکە بەرزترە، چونکە لە ژیر و هەست تێپەڕ دەکات و ڕووەو جیهانێکی دیکە ئاڕاستە دەگرێت.

**مێتۆدی توێژینەوەکە**: لەم توێژینەوەیەدا هەردوو مێتۆدی شیکاری و بەراوردکاری بەکارهێنراوە، مێتۆدی شیکاری بۆ شیکارکردنی ئەو تێکستانەی کە لە کتێبەکانی غەزالی وەرمان گرتوون و مێتۆدی بەراوردکاری بۆ بەراوردکردنی بۆچوونەکانی غەزالی لەگەڵ فەیلەسووفانی پێش خۆی و دوای خۆی.

**پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

١- لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانین زانینی ڕاستەقینە بەدەست بهێنین؟

٢- ئەو ڕێگایانە کامانەن کە غەزالی لە بەدەستهێنانی زانینی ڕاستەقینە پەیڕەوی دەکات؟

٣- ئەو هەقیقەت و ڕاستەقینەیە کامانەن کە غەزالی بەدوایاندا دەگەڕێت؟

٤- ئەو ڕێبازەی کە سۆفییەکان لە بەدەستهێنانی زانیندا پەیڕەوی دەکەن بەهۆیەوە دەگەین بە یەقین- دڵنیایی؟

## بەشی یەکەم: ئەپستمۆلۆژی و میتۆدی زانینی لای غەزالی

### باسی یەکەم: سەرەتایەك لە بارەی ئەپستمۆلۆژی

ئەپستمۆلۆژیا یەکێکە لە لقە هەرە گرنگەکانی فەلسەفە، هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا گرنگییەکی زۆری پێدراوە لە نێو فەیلەسووفان، چەمکی "ئەپستمۆلۆژیا" بۆ یەکەم جار لە سەردەمی نوێ لە لایەن (ج. ف. فییر) لەساڵی ١٨٥٤ لە کتێبی "پرەنسیپەکانی میتافیزیك" بەکارهێنراوە، بەڵام وەکو بابەت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی فەلسەفە (ئیسماعیل، ٢٠٠٤، ٩).

**پێناسەی ئەپستمۆلۆژیا**: واژەیەکی ئاوێتەیە لە دوو بڕگە پێکهاتووە یەکەمیان "ئەپستمۆ" بە واتای زانین و دووەمیان "لۆژیا" بە واتای تیۆر، کەواتە ئەپستمۆلۆژیا بە واتەی "تیۆری زانین"، بەڵام لە زمانی فەڕەنسیدا، جیاوازی دەکرێ لە نێوان تیۆری زانین و ئەپستمۆلۆژیا لە بواری بەکارهێناندا، چونکە وشەی "ئەپستمۆلۆژی" بە واتای "فەلسەفەی زانست" دێت، بایەخ بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی دەدات بەرامبەر بە دەرئەنجامە زانستییەکان و گریمانە زانستییەکان، فەڕەنسییەکان ئەم واژەیە زیاتر لە فەلسەفەی زانستەکان و مێژووە فەلسەفییەکاندا بەکاردێنن، بەم شێوەیە "تیۆری زانین بە شێوەیەکی گشتی گەڕانە بەدوای زانین" (الحسيني، د.س، ٤).

لە سەردەمی نوێدا بەم جۆرە باسی زانین دەکەن: کردەوەیەکی هۆشەکییە لە ڕێگەیەوە وێنای شتێك لە مێشکماندا دەچەسپێت، هەندێك جار ئەم کردارە لەگەڵ خۆیدا هەڵچوونێك بەرجەستە دەکات هەندێك جاریش نا، ئەم واتایە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە زەیندا پەیوەندییەك بەرجەستە دەبێت، لەنێوان خودی دەرکپێکەر و بابەتی دەرکپێکراودا، تیۆری زانینیش ئەم کێشانە ڕاڤە دەکات، کە خود و بابەت بەرجەستەی دەکەن (صليبا، ١٣٨٤هـ، ٣٩٢).

ئەگەر پێناسەی چەمکی "زانین" بکەین: بریتییە لە دەرکپێکردنی فۆرمی شتەکان و بوونەوەران وەک ئەوەی کە هەیە یان بریتییە لە دەرکپێکردنی بابەتی تایبەت و سادە بەهۆی بەڵگەوە، (برتراند ڕسڵ) دەڵێت"بریتییە لەو مێتۆدانەی کە بۆ وەڵامدانەوەی دەوروبەر بەکاردێن. (سدیق، ٢٠٢٢، ٦) بەڵام لەڕووی زاراوەییەوە: بەرهەمی بەرامبەرکێی و بەراورد و پەیوەندیی نێوان خودی دەرککەر و بابەتی دەرکپێکراوە، جیادەکرێتەوە لە تەواوی پێدراوە شعوورییەکان، لەو ڕووەوە لە یەك کاتدا هەڵدەستێ بە بەراوردکردن و لێکدانی بڕواپێکراو لە نێوان هەردوو لایەنەکە واتا کۆکەرەوەیە، یان پەیوەندیی خودی هزرڤانە بە ناوەڕۆکە هزریەکەیەوە، کە دەشێ بە داڕشتنێك دەربیبڕێت کە ئەگەری ڕاستی و درۆی لە خۆدا هەڵگرتبێ (الحسینی، د.س، ٢٩٥)، هەروەها هەندێك لە هزرڤانان وا پێناسەی زانین دەکەن: ئەو کردارەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە سایەوە لەلایەنی ژیرییەوە کۆنترۆڵی بابەتێکی دیاریکراو بکات بە مەبەستی دۆزینەوەی تایبەتمەندییە دیار و جیاکەرەوەکانی (ئیسماعیل، ٢٠٠٤، ٢٢).

زانین پلەی جۆربەجۆری هەیە، نزمترینیان زانینی هەستەکی و بەرزترینیان زانینی هۆشەکی پەتییە، بەمپێیە ئەگەر زانین تەواو بێت، ئەوا پێویستە بەتەواوی و دەقاودەق بەسەر واقیعدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەگەر زانین تەواو نەبێت ئەوا تەنها دیوێکی شتەکانمان پێدەگەیەنێت. زانینی سۆفیگەریش وەك یەکێك لە جۆرەکانی زانین، ئەو زانینەیە کە هیچ گومانێك قبوڵ ناکات، چونکە زانراو لەلای سۆفییەکان خودی خودا و سیفاتەکانیەتی، بەڵام زانینی خود ئەوەندەیە کە تەنها بزانێت کە خودا هەیە و یەکە و شتێکە، هیچ شتێکی لە وێنەی نییە و هیچ شتێکی لێ ناچێت، بەڵام سیفاتەکانی ئەوەیە کە خودا (زانایە، بینەرە، بیسەرە، پەیڤەرە ... هتد) (صلیبا، ١٣٨٥، ٣٩٤).

بەشێوەیەكی گشتی تیۆری زانین هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێكی سەرەكی بداتەوە:

١- ئایا زانین شیاوە؟

٢- ئەگەر شیاوە سنوورەكەی تا كوێیە؟

٣- ڕێگاكانی زانین چین؟

٤- سەرچاوەكانی زانین كامانەن؟

٥- سروشتی زانین چییە؟

٦- ئایا خودی سروشتی زانین ڕیئالیستییە یان سروشتێكی ئیدیالی (میثالی)یە؟ (محمد، ١٩٨٥، ٢٧).

**بۆ وەڵامی پرسیاری یەكەم و دووەم**: دوو جۆر كۆمەڵە (گرووپ) بەرچاو دەكەون، كە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەدەن: یەكەم: ئەوانەن كە گومان دەكەن و بە (گومانگەراكان) ناسراون كە دەبن بە دوو بەشەوە؛ دووەم: ئەوانەن كە دۆگمن و بە (دۆگماتییەكان) ناسراون:

١- **گومانگەراكان**: ا- گومانی ڕەها: ئەپیرۆن بە یەكەم كەس دادەنرێت كە بانگەشەی بۆ ئەم جۆرەی گومان كردووە، ئەمانە گومان لەپێناوی گومان دەكەن، واتا گومان دەكەن و بەگومانیش كۆتایی پێدەهێنن، ئەوانە بڕیار بەسەر هیچ شتێكدا نادەن، كاتێك پرسیاریان لێدەكرێت وەڵام نادەنەوە، یان دەڵێن: نازانم، یان "من نازانم، نازانم كە نازانم" ئەمەش یەكێكە لە وتە بەناوبانگەكانی ئەم گرووپە (مدكور، ١٩٨٣، ص١٠٣)

ب- **گومانی مێتۆدی**: ئەم جۆرە لە گومان پێچەوانەی گومانی ڕەهایە، فەلسەفەكار بە ئارەزووی خۆی ئەم جۆرە گومانە بەكاردەهێنێ، بەمەبەستی دەركێشان و هەڵهێنجانی زانیارییەكان، تاكو لەم ڕێگەیەوە ژیریی خۆی لە هەموو جۆرە هەڵە و بۆچوونێكی هەڵە و بێكەڵك پاك بكاتەوە. (الطویل، ١٩٧٦، ٣١٥).

**٢- دۆگماتییەکان:** ئەم ڕێبازە لە بەرامبەر ڕێبازی گومانگەراکانی پێشووە، شوێنکەوتووانی ڕێبازی دۆگمایی باوەڕێکی کوێرانەیان بە زانینی بەدیهاتووە لەلای مرۆڤ واتا بەبێ هەوڵدان و ڕەخنەکردنی بیرو بۆچوونەکانیان، بە واتایەکی تر باوەڕیان تا ئەو ڕادەیەیە کە پێیانوایە ئەزموون هیچ ڕۆڵێکی نییە لە بیرکردنەوەیاندا (عبدالرحمن، د.س، ١٤٦).

بۆ وەڵامی **پرسیاری سێیەم و چوارەم:** ڕێگاکانی زانین چین؟ ئەو سەرچاوانەی کە زانینمان لە لا بەرجەستە دەکەن کامانەن؟ ئاماژە بە چەند ڕێبازێکی سەرەکی دەکرێت وەکو سەرچاوەی زانین، کە هەر ڕێبازە ویستوویەتی وەڵامێکی بڕواهێنەری ئەو پرسیارە بداتەوە لەوانە:

**١- ڕێبازی ژیرەکی:** لایەنگرانی ئەم ڕێبازە ژیر وەکو سەرچاوەی سەرەکی زانینی ژیرەکی مرۆڤ دادەنێن، ژیرگەراکان پێیانوایە ئەوە (ئایدیا)کانی ناو ژیر بوونێکی زگماکیان هەیە، هەر لە سەرەتای لەدایکبوونەوە مرۆڤ خاوەنی ئەم ئیدێیانەیە، هەروەها ئیدێکانی ژیر ڕەها و جێگیرن، بە گۆڕانی کات و شوێن واتایان ناگۆڕێ (عطیو، ٢٠٠٣، ١٦٢).

**٢- ڕێبازی ئەزموونی:** لەم ڕێبازەدا ئەزموون بنەمای زانینە، (هەستەکان) وەك دەروازەیەك دادەنێن بۆ زانین، لە ڕوانگەی ئەوانەوە شتێك لە ژیردا نییە ئەگەر سەرەتا بە هەستەکاندا تێپەڕ نەبووبێت، بەم شێوەیە دژایەتی هزرۆکە ڕەمەکییەکان دەکەن لە ژیردا، بەمپێیە زانین ناتوانێت لە ئەزموون تێپەڕێت، (السکری، ١٩٩٩، ٥١).

**٣- ڕێبازی رەخنەیی:** لە نێوان هەردوو ریبازی ژیری و ئەزموونیدا، جۆرێك زانینی نێوەندی (سەنتێزی) سەر هەڵدەدات، کە ڕێبازی ڕەخنەییە، "کانت" بەنوێنەری ئەم ڕێبازە دادەنرێت، کە ڕەخنەی توند لە ژیر و هەست دەگرێت، هاوکات فەلسەفەکەشی دەبێتە "فەلسەفەی ڕەخنەیی" یان

"ترانسێندێنتاڵی"، ئەوەی ڕەتکردەوە کە ژیر یان هەست بە تەنیا بنە ئامرازی زانین، بۆیە زانینی ڕەخنەیی لەلای کانت بە پێکەوە گرێدانی ژیر و هەست دەبێت، لە پەیوەندیی دووجۆر لە زانینی پێشیانە (ئاپریۆری) و پاشیانە (ئاپۆرستەریۆری) (عطیو، ٢٠٠٣، ١٧٦-١٧٨).

٤- **ڕێبازی بۆهاتنی ڕاستەوخۆ** (المذهب الحدسي): (حدس، تا ئێستا لە زمانی کوردیدا واژەیەك یان تێگەیەکی لە بەرامبەردا دانەنراوە، بەڵام دەشێت لە لایەنی واتاییەوە نزیك بێت لە : ئیلهام یان "لێهەڵاتن - بۆهاتن"ـی خۆیی)، حدس دەرکپێکردنی ڕاستەوخۆی واقیعە، یان تێگەیشتنی دەستبەجێی هەقیقەتە، ئەم ڕێبازە لەگەڵ فەیلەسووفی فەرەنسی (هنری بێرگسۆن) دەست پێدەکات، وەك توێژینەوە لە هەقیقەت بەدەستوری ( ڕامان)، حدس لە بنەڕەتدا کردارێکە لەسەر پەیوەندیی خۆمان بە خۆمان وەستاوە.

٥- **ڕێبازی پراگماتی**: ئەم ڕێبازە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە سەری هەڵدا، لەسەر دەستی "چارلز ساندرز پێرس" ڕاستەوخۆ دوای ئەمە کۆمەڵێك کەس ڕێچکەی ئەویان گرتەبەر، لەوانە "ویلیەم جیمس، فردیناند شیلەر، جۆن دیوی" لای فەیلەسووفە پراگماتییەکان هەقیقەت دوای ئەوە دەرك پێدەکرێت کە دەرەنجامەکان ڕوودەدەن، بیرۆکەکان ناگەڕێنەوە بۆ ئەو بڕیارانەی لە ڕێساکانەوە هەڵێنجراون، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێژەیەی کە لە دەرەنجامەکانەوە دەست دەکەوێت (نصري، ٢٠٠٣، ٣٧٧).

٦- **سەرچاوەی زانین لە هزری ئیسلامیدا**: پرۆسەی زانین جێگەی بایەخی زۆری موسڵمانان بووە، بە جیاوازی ڕێچکە و ڕێبازە فەلسەفی و کەلامی و سۆفییەکان، لە تێڕوانینی هزری ئەواندا شوێنێکی تایبەتی هەبووە، بۆ نموونە زانایانی کەلام تا ئەو ڕادەیە بایەخیان بە تیۆری زانین داوە، پێیانوابووە زانین ئەرکێکە داوات لێدەکرێت، یەکەم باسەکانیان کە دەروازەی ئەم بابەتەی

پێدەکەنەوە، زانینی بنەماکانی ئاینە، یەکێك لە قسەکەرەکان تایبەتمەند بووە لە بواری زانیندا ئەویش "قاضی عبدالجبار" بووە (الكمالي، ١٩٩٣، ١٣٨).

هەروەها چەندین ڕێگەی سەرەکی دیکە هەن بۆ زانین لەوانە ڕێبازی فێنۆمێنۆلۆژی و ڕێبازی وجوودی و خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکان.

وەڵامی پرسیاری **پێنجەم و شەشەم**: کە دەڵێت سروشتی زانین چییە؟ یان خودی سروشتی زانین ڕیئالیستییە یان سروشتێکی ئیدیالییە (میثالي)؟

ئەوانەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە دەبن بە دوو گرووپ:

١- **ڕیئالیستییەکان**: پێیانوایە جیهانی دەرەوە بوونی هەیە و لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەرکی پێدەکەین، هەستەکانیشمان واقیع چۆن هەیە ئاوا بۆمان دەگوازنەوە، هەڵگرانی ئەم ڕێچکەیەش پێیان دەڵێن "ڕێئالیستە سادەکان" (محمد، ١٩٨٥، ٣٥).

**٢- ئایدیالییەکان:** ئەمانەش دابەش دەبن بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا:

ا- **ئایدیالیستی خودیی**: پێیانوایە زانین و ڕاستی لە خود و هۆشی خۆماندایە لەگەڵ لەدایکبوونمان بەشێوەیەکی ڕەمەکی مرۆڤ هەڵیگرتوون.

ب- **ئایدیالیستی بابەتی**: پێیانوایە زانین و ڕاستی لە بابەتی دەرەکیدان، بەڵام ڕاستی ئەزموونی و هەستەکی نییە بەڵکو ڕاستی و زانین ئایدیالین.

ج- **ئایدیالیستی ڕەها**: پێیوایە ڕۆح پێشینەیە و ماددەش لە دوای ئەو دێت، ئەمەش لەو بڕوایەوە وەرگیراوە کە یەکەم سەرچاوەی بوون لە ژێری مرۆڤدا نییە، بەڵکو هۆشیارییەکی بابەتییە لە جیهانێکی ترەوەیە، کە بە ڕۆحی ڕەها یان ژێری هەمەکی ناو دەبرێت، ئەوانەی کە بەم جۆرە بیردەکەنەوە وەکو "هیگڵ، برادلی، جویکم، بوزانکیت، کروتشە...هتد" (الطويل، ١٩٧٦، ١٨٣-١٨٩).

**باسی دووەم: مێتۆدی گومان لای غەزالی**

غەزالی[1]، لە سەردەمێک ژیاوە کە پڕبووە لە جیاوازیی بۆچوون و ناکۆکی نێوان ئاراستە فەلسەفی و هزرییەکان و زانستی کەلام و سۆفیگەری، هەریەک لەم گرووپانە خۆیان بە نوێنەری گەیشتن بە زانینی ڕاستی و دڵنیایی لێکراو دەزانن، هەربۆیە غەزالی خۆی بە دەست هیچ یەک لەو گرووپانە نەدا، چونکە گومان بەشێک بوو لە فەلسەفەی ژیانی غەزالی. (سدیق، ٢٠٢٢، ٤٦)، مەبەستی بوو لە ڕێگەیەوە بگات بە ئامانج، واتا بە دڵنیایی، لەلای غەزالی ئەگەر گومانت نەبێت بیرکردنەوەشت نابێت، چونکە گومانکردن ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە زانینی دڵنیایی (الفلاحي، ٢٠٠٣، ٩٤).، غەزالی باوەڕی وایە مرۆڤ ناتوانێت لە ڕێگەی فێرکردن یان خوێندنەوەی بابەتی فەلسەفی یان زانستی بگات بە هەقیقەت و ئامانجەکەی بپێکێ، بەڵکو بەم ڕێگایانەوە دەروونی خۆی تووشی نامۆبوون و ڕاڕایی دەکات، بۆ نموونە زانایانی (الکلام) دوای لێکۆڵینەوەکانیان و گەڕانیان بەدوای هەقیقەت لە خوێندنەوەی بابەتە جۆربەجۆرەکانەوە، نەیانتوانی هەقیقەت بپێکن بەڵکو کەوتنە هەڵە و دژبێژییەوە لە کۆتاییدا ڕێگەی گەیشتن بە هەقیقەتیان ون کرد (مرحبا، ٢٠٠٧، ٦٩). هەر بۆیەش غەزالی ڕێگەی گومانی گرتەبەر و بەردەوام بوو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، لەو ماوەیەشدا ژیانی سۆفیایەتی و تەنیایی هەڵبژارد، تاکو بتوانێت لەو ڕێگەیەوە خۆی لەو گومانە قووڵە ڕزگار بکات و دەروونی ئارام بێتەوە و بە هەقیقەت بگات (فخری، د.س، ٣٠١). غەزالی لەماوەی ژیانیدا سەفەری زۆری کردووە و زۆر بەوڵاتاندا گەڕاوە لە ئەنجامی هەموو ئەو سەفەر و گەڕانانە تووشی جۆرەها ئاین و گرووپ و ڕێبازی جیاجیا بۆتەوە، بەڵام هیچ کام لەو گرووپ و ڕێباز و ئاینزایانە نەیانتوانی قەناعەت بە غەزالی بهێنن وەکو سەرچاوەیەکی دڵنیایی زانین هەر بۆیەشە دەڵێت: "من لەناو گێژاوی ئەو هەموو

ڕێباز و گرووپ و ئاینزایانە ئازاری زۆرم کێشاوە، بۆئەوەی بتوانم ڕێگایەکی ڕاست بدۆزمەوە و خۆمی پێ لە نشێو و لیتە و زەلکاوی شوێنکەوتن دەربهێنم، و بتوانم ڕێگا ڕاستەکە هەڵبژێرم..." (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٩١).

بۆئەم مەبەستەش غەزالی پشت بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ) دەبەستێت کە دەڵێت: "خەڵکەکەم دەبن بە (٧٣) گرووپی جیاواز، تەنیا یەکێکیان ڕزگاری دەبێت"، لێرەوە غەزالی تەمەنێکی زۆر کەوتە سۆراخی ڕاستی، هەروەها گومان لێیان، جا چ لە ڕووکەش بێت یان ناوەرۆکیان، هەروەها فەیلەسووف بن یان زانایانی کەلام (غالب، ١٩٧٩، ٤٠)، غەزالی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی خۆی باس دەکات کە داویەتی بۆ بەدەستهێنانی زانین و ڕزگاربوون لە گومان بەو جۆرە دەڵێت: "باتینییەك نەبوو شارەزاییم لێی نەبووبێت، زاهیرەیەك نەبوو لە بەرهەمی ئەو زاهیریەتیەی تێنەگەیشتبم، فەلسەفەیەك نەبوو کە لێی نەکۆڵمەوە، موتەکەلیمێك نەبوو هەوڵی بۆنەدەم تا لە مجادەلەکەی (مناقشە) تێنەگەم، سۆفییەك نەبوو بە وردی هەوڵنەدەم بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەی پاکی (صفاء)ە کەی"(نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٩٢).

بەو شێوەیە بەردەوامبوو لە گومانەکەی، بەجۆرێك کە نەیدەتوانی لەنێوان بەئاگابوون و خەوبینیندا جیاوازی بکات، وەك ئەوەی گوتراوە ئێمە کاتێك خەو دەبینین خەیاڵی وەها دەکەین ئەو خەوبینینە دروست بێت، بەڵام کاتێك بۆمان دەردەکەوێت کە خەومان بینیوە ئەو دەمەیە کە بەئاگاین، ئەو دەربڕینانەی غەزالی لە دۆخی گوماندا دەریدەبڕین خستبوویە نێو قەیرانێکی ژیری و گیانی، بە جۆرێك ژیانی تێکدابوو کە دایبڕیبوو لە خوێندن و تەنانەت لە خێزانەکەیشی (زیدان، ١٩٨٩، ١٧٨)، هەروەها غەزالی گومانی لە ئامرازەکانی زانینیش دەکرد، (مەبەست لە ئامرازەکانی زانین، زانینە لە ڕێگەی هەست و ژیر، ئامرازی زانین لای فەیلەسووفە ئەزموونیەکان هەستەکانن، لای فەیلەسووفە

ژیریەکان ژیرە (محمود، د.س، ٩٤). غەزالی بە پێچەوانەی زۆرێك لە فەیلەسووفەکان گومانی لە هەردوو ئامرازەکەی زانین دەکرد، سەرەتا لە هەستەکانەوە سەرەتا دەگرێت، پێیوابوو زانین لە ڕێگەی هەستەکانەوە هیچ دڵنیاییەکی تێدا نییە، چونکە هەستەکان زۆرجار زانیاریی هەڵەمان بۆ دێنن، بۆ نموونە (کاتێك سەیری ئەستێرەیەك دەکەین بە بچووکی و بە شێوەی دراوێکی کانزایی- دیناری ئاسن- دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، چونکە بەڵگە ماتماتیکییەکان و فیزیاییەکان و ئەستێرە ناسان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێك لە ئەستێرەکان لە زەوی گەورەترن، بەڵام لای ئێمە هێندەی دینارێکی ئاسن دەردەکەون) (الغزالی، ١٩٦٠، ٢٢). غەزالی باوەڕی بە ئامرازی زانینی هەستی نەما، وەك گەیەنەرێك بۆ ئەو دڵنیاییەی کە داوایدەکرد، غەزالی باوەڕی وابوو زانین لە ڕێگەی ژیرەوە زانینێکی جەختتر و گشتگیرتر و سوودبەخشترە، بە جۆرێك دەتوانین پشتی پێببەستین لە دژی زانین لە ڕێگەی هەستەکانەوە، چونکە زانینی ژیری پەیوەندی بە بیرکردنەوەوە هەیە (غالب، ١٩٧٩، ٤٦).

بەهۆی ئەو گومانە قووڵەی کە تووشی غەزالی هاتبوو، دوودڵ بوو لە پەسەندکردنی بڕیاری ژیری وەك بنەمایەك بۆ دڵنیابوون، کە ئەوەش مەیلی بۆ گومانکردن لە بنەماکانی ژیر لەلا پەیداکرد، ئەمەش هاوسەنگی نێوان زانینی ژیری و خەونی نوستووە، غەزالی وایدەبینێت دۆخی بەئاگابوون وەك دۆخی نوستوو هەمان بینینی هەیە کە نوستوو شتەکان دەبینێت، خەیاڵ دەکاتەوە لە دۆخەکان پێیوایە وەستاو و جێگیرە، ئینجا بە ئاگا دێتەوە بۆی دەردەکەوێت هەموویان وەهمێك بوون، وەك ڕەگەزی سەلمێنراو یان جێگر خۆیان نیشانی ژیر داوە، بەڵام خەیاڵاتێکن هەرگیز بەدەست نایەن و ژیر دەخەنە گومانەوە، بۆیە ناکرێت متمانە بە ژیر بکەین لە کاتێکدا زانیاری لە هەستەکانەوە بۆ دێت (عبدالمهیمن، ٢٠٠١، ١٣٦).

غەزالی دەڵێت: "ژیر هەستەکان بە درۆ دەخاتەوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە هەستەکان ژیر بە درۆ دەخەنەوە، وەك ئەوەی ناخۆشییەکی دڵتەزێن هەبووبێت لە نێوان ژیر و هەستدا، ژیر بەسەر هەستەکاندا سەردەکەوێت، بەڵام لە پڕێکدا بۆم دەرکەوت دادوەری ژیر بە هەڵەم دەبات، هەروەها گەر دادوەری ژیر نەبایە بەردەوام دەبووم لە باوەڕکردن، کەواتە لەدوای دەرککردنی ژیری دادوەرێکی تر بوونی هەیە کە ژیرمان بە درۆ دەخاتەوە لە بڕیارەکانیدا، وەك چۆن دادوەری ژیریی هەستەکانمان لە بڕیارەکان بە درۆ دەخاتەوە" (الغزالي، ١٩٦٠، ٢٤)؛ ئەم بۆچوونە تەنها ماوەیەك غەزالی لەسەری بەردەوام بوو، چونکە دواتر جارێکی دیکە کەوتەوە گومان لە ململانێی نێوان هەست و ژیر، هەرچەندە ژیر لەم مەیدانەدا بەسەر هەستدا سەردەکەوێت، بەڵام هیچ گرەنتیەك نییە کە خۆی بپارێزێ و دوژمنێکی نوێ و توندتر و بە هێزتری بۆ پەیدا نەبێت، کە بەسەریدا سەربکەوێت (غالب،١٩٧٩، ٤٦)؛ غەزالی بەم شێوەیە پێیوایە بەڵگەی ژیری و هەستی ناتوانن بمانگەیەننە زانینی هەقیقی، بەم شێوەیە بە ئەزموونێکی قورسی گوماندا ڕۆیشت لە ژیر و هەست وەکو ئامرازێکی گەیەنەری دڵنیابوون، ئینجا چووە ژێر چاودێری خوایەتییەوە بۆیە دەڵێت: "ڕەوشی دەروونم ئاسایی بۆوە، زەروورەتە ژیرییە باوەڕپێکراوەکان گەڕانەوە باری ئاسایی خۆیان، بەڵام ئەوانە بە هۆی ڕێکخراوی بەڵگەکان و ئاخافتنەوە نەبوو، بەڵکو لەڕێگەی ئەو ڕووناکییە (نور)ەوە بوو، کە خوا بە مەزنیی خۆی خستیە دڵم یان سینەم، ئەو ڕووناکییە کلیلی زۆربەی زۆری زانینەکانە، هەرکەسێ باوەڕی وابێت دۆزینەوە (کەشف) بەندە بە بەڵگەی ئازاد یان سەربەخۆ، ئەوا لە بەزەیی خوا بۆخۆی کەم دەکاتەوە"، مەبەستمان لەو ڕووناکییە دۆزینەوەی دەروونە بە (حدس)، ئەم حەدەسەش سەرچاوەی یەکەمی زانینە لای غەزالی کە لەسەرووی ژیر و

هەستەوەیە، کە غەزالی لەرێگەی حەدەسەوە لە گومانکردن ڕزگاری دەبێت "بەم شێوەیە غەزالی ئاماژە بە مێتۆدی کەشفی سۆفی دەدات وەکو سەرچاوەی زانینی یەقین و ڕەها" سۆفییەکان خۆیان لەحاڵەتێکدا دەبیننەوە، کە بێئاگان لەخۆیان و دابڕاون لە هەستەکانیان و دۆخێکە لەگەڵ ژێردا ناتەبایە" (الغزالی، ١٩٦٠، ٢٥).

**باسی سێیەم: زانینی یەقین لای غەزالی**

لەو لێکۆڵینەوانەی غەزالی سەبارەت بە زانین و پرۆسەی زانین پێشکەشی کردوون، بەم شێوەیە پێناسەی زانین دەکات و دەڵێت: "ئاشکرابوونی زانراوێکە کە هیچ گومانێکی لەگەڵدا نەبێت، دەرفەتی ئەندێشە و هەڵە نەدات"، بەلای ئەوەوە ئەم جۆرە لە زانین زانینی پیاوچاکانە، پێیوایە هەرکەسێك ئەم جۆرە زانینەی نەبێت، ئەوا زانینەکەی هیچ متمانە و پاڵپشتی و دڵنیاییەکی نییە، هەر زانستێکیش دڵنیایی نەبوو ئەوا زانینی جەخت (یەقین) نییە (الذین ، ١٩٨٨، ٤٧).

غەزالی بەم شێوەیە خوازیارانی ڕێگای زانیاری دابەشدەکات بەسەر چوار گرووپدا :-

١- **زانایانی کەلام**: ئەمانە دەڵێن ئێمە خاوەنی بیرو ڕا و تێروانینین، بەڵام غەزالی دەربارەی زانایانی پەیڤەر دەڵێت: "دوای لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی ورد بۆم دەرکەوت، کە زانینی زانایانی کەلام جۆرێك لە راستی تێدایە دەتوانن بە ئامانجی خۆیان بگەن، بەڵام من بۆم دەرکەوت کە ئەم جۆرە زانینە نامگەیەنێت بە ئامانج و ئاوات، چونکە ئەم زانینەی ئەوان بۆ پاراستنی ڕێڕەوی ئەهلی سوننەت دانراوە لە پەیڕەوکارانی بیروڕای (بیدعه)" (الغزالي، ١٩٦٠، ٢٥).

٢- **زانینی باتینییەکان** (الباطنية): ئەمانەش پێیانوایە لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی، پێویستە پێشەوایەکی پاك هەبێت، بۆ ئەوەی دادوەری لە نێوان

ناکۆکییەکاندا بکات، هەروەها پێیانوایە  زانین لە ڕێگەی فێربوونەوە دێت، سەرچاوەی زانیاری لای ئەوان ئیمامی (معصوم)ە، بەڵام غەزالی پێیوایە ئەو دادوەری و پێشەواییە تەنها پێغەمبەرە (د.خ)، کە دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت نەك کەسێکی تر، ئەم زانینە بەلای ئەوەوە لە هەموو جۆرەکانی تری زانین  لاوازتر و نزمترە، لە پاشان دەڵێت: "سەرم لەو کەسانە سوڕدەمێنێت، کە باوەڕیان وایە دەبێت لای مامۆستایەکی تایبەت فێری زانیاری ببین، کەچی مامۆستاکەش نادیار (غائب) بێت، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەگەر بڵێی کامە ئیمامە مەعصومەکەتانە تا زانیاری لێ وەرگرین؟ دۆش دادەمێنن و وەڵامیان نییە، چونکە نادیارە" (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٩٦).

٣- **زانینی فەیلەسووفان**: ئەمانە بەگشتی بەڕێگەی لۆژیك و ساغکردنەوە کاردەکەن، بەڵام غەزالی باوەڕی وایە ژیری مرۆڤ توانای ئەوەی نییە بتوانێت سەر لە هەموو شتێك دەربکات و هەموو نەناسراوێك بناسێت، بەم جۆرە فەیلەسووفان دابەشدەکات بۆ سێ جۆر:

یەکەم: دەهرییەکان: ئەمانە کردگارێتیی خوا ڕەتدەکەنەوە و پێیانوایە کە جیهان هیچ دروستکەرێکی نییە و ئەزەلییە، بۆیەشە غەزالی ئەمانە بەکافر (زەندیق) ناودەبات.

دووەم: سروشتییەکان: ئەمانە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە سروشت و پێکهاتەکانی و سەرسامییان بەو سروشتە، باوەڕ بە خودا دێنن وەك داهێنەری جیهان، بەڵام دەڵێن کەسی مردوو زیندوو نابێتەوە، دواڕۆژ و بەهەشت و دۆزەخ نین، ئەمانەش بەکافر دادەنێت.

سێیەم: باوەڕدارەکان (لاهووتییەکان): غەزالی ئەو زانستانەی کە پەیوەستن بەفەلسەفەوە دابەشیان دەکات بۆ شەش بەش وەکو (ماتماتیك، لۆژیك، زانستی سروشتی، ئیلاهیات، سیاسی و ئاکار) غەزالی تێڕوانینی لەبەرامبەر ئەو زانستانە

پەیوەست دەکات بەتێڕوانین و بۆچوونیان بەرامبەر بەئاین، بۆ نموونە لۆژیك هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئایندا نییە و ڕەتی ناکاتەوە، بەڵام غەزالی لە کتێبی داڕمانی فەیلەسووفان (تهافت الفلاسفة)، پێیوایە کە فەیلەسووفە ئیلاهییەکان تووشی ناکۆکی و لە ڕێگە لادان بوونەوە بەتایبەت لەم سێ بڕگەیەدا:

١- فەیلەسووفان دەڵێن گەردوون کۆنە هێندەی کۆنی خوا.

٢- پێیانوایە کە خودا تەنها بابەتی گشتێتی دەزانێ، بەڵام بابەتی تایبەتێتی نازانێ.

٣- پێیانوایە کە جەستەی مرۆڤ زیندوو نابێتەوە.

بۆیەشە ئەم سێ بڕگەیە بە کوفر دەزانێ (الغزالي، ٢٠٠٣، ٤٨).

٤- زانینی سۆفییەکان: ئەمانەش خۆیان بە نزیك لە خوا و خاوەنی بینین بە چاوی دەروون (مشاهدە) و دۆزینەوە (مکاشەفە) دەزانن (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٩٥).

غەزالی باوەڕی وایە کە ڕێگای زانینی دڵنیایی لەم چوار جۆرە بەدەر نییە، بەم شێوەیە گومانی لە سێ جۆر زانینەکەی سەرەوە دەکات و ڕەتیان دەکاتەوە، چونکە سەرجەم ئەو زانینانە تاقی دەکاتەوە، بەڵام ناتوانێت باوەڕ بە ڕاستیەتی ئەو جۆرە زانینانە بکات بۆیە ڕەتیان دەکاتەوە و جۆری چوارەم هەڵدەبژێرێ، بە بڕوای ئەو هێزێك لە مرۆڤدا هەیە لە سەرووی ژیر و هەستەوەیە، ئەویش هێزێکە هەقیقەت لە فۆڕمێکدا دەبینێت، کە بە هەست و بە ژیر پێی ناگەین، بەڵکو تەنیا لەڕێگەی چێژ (زەوق)ـەوە پێیدەگەین، کە ئەم جۆرەش لە زانین بە "سۆفییەت" ناو دەبات، ئەمەش نەك بە تەنها هی موسڵمانان بێت بەڵکو هی هەموو جیهانە و ئەوانەی غەیرە موسڵمانیشن دەتوانن بەم جۆرە لە زانین بگەن (عفيفي، ١٩٦٣، ٢٣٩). غەزالی تەسەوف بە ڕێگەیەك دادەنێت بۆ زانین، لە نووسینەکانیدا بە مێتۆدێکی روون و ئاشکرا دەربارەی زانینی سۆفیگەری دواوە،

وەك شێوازێکی تەواوکراو لە ڕووی شێواز و مێتۆد و بابەتەکەی و ئامانجەکەی، لێرەوە دەشێت تیۆرەکەی لە زانیندا بە تیۆرێکی تەواوکراو دابنێین بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی، هەروەها وەك شێوازێکی گەشەسەندوو لە هزری ئیسلامیدا بینرخێنین، زانینی سۆفی بەلای ئەوەوە زادەی ئەزموونێکی ڕۆحیی قووڵە بەڕێگەی وەرزشی لەش و کۆششی دەروون، ئەم کۆششەش کە پاڵنەری دەروونە بۆ تێپەڕاندنی جیهانی هەست و ژیرە بۆ جیهانێك کە تێیدا دەروون دەگات بە یەکەم خۆشەویستی خۆی، لە ڕێگەی (چێژ)ەوە دەیناسێ و پێیدەگات (عبدالمهيمن، ٢٠٠١، ١٣٤).

تەسەوف لای غەزالی بە زانست و کردارە، بەڵام زانست نهێنی ئامێزە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو تێگەیشتن و هەقیقەتی تەواوەتی دەمانبات، کرداریش بریتییە لە پاککردنەوەی دەروون لە هەموو شتێکی ناپەسندو ناپاك، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی تاوەکو دەروون بگاتە ئەو ڕادەیەی کە جگە لە خوا هیچی تری تێدا نەبێت، تەنها بەزیکری خوا بڕازێتەوە و ئاوەدان بکرێتەوە (التكريتي، ٢٠٠٧، ٢٣٨). "ئەبو سەعیدی خەرراز" سەبارەت بە تەسەوف دەڵێت: "سۆفی کەسێکە خواوەند دەروونی پاك کردۆتەوە و پڕیکردووە لە ڕووناکی (نور)، وە کەسێکە بە یادکردن و ناوبردنی خوا ئەگاتە ئەوپەڕی خۆشی"، هەروەها "ئەبوبەکری شبلی" دەڵێت: "سەرەتای تەسەوف خواناسییە و ئاکامەکەشی خوا بە تاك زانینە"، "ئەبوبەکر کەتتانی" بەم شێوەیە باسی تەسەوفی کردووە و دەڵێت: "تەسەوف پاکی و بینینە (التصوف صفاء ومشاهدة)، هەروەها تەسەوف ئەخلاقە، ئەو کەسەی ڕەوشتی لە تۆ بەرزتربێت ڕووناکی و پاڵێوراویشی لە تۆ زیاتر دەبێت" (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٨٧).

غەزالی لە کتێبی بووژاندنەوەی زانستە ئاینییەکان (احياء علوم الدين)دا سەبارەت بەڕێگەی تەسەوف دەڵێت: "ڕێگەی پێشخستنی تێکۆشان و

سڕینەوەی سیفاتە بێزراوەکان و نەهێشتنی هەموو تانە و تەشەرەکانە، پشتبەستنە بەخودای گەورە، ئەگەر ئەوە بەدەستهات، ئەوکات خودا دڵی بەندەکەی بەنووری خۆی و زانست ڕۆشندەکاتەوە، بەمەش ڕەحمەتی خوا بەسەر ئەو دڵەدا دەڕژێت و نووری لێ هەڵدێت، سینە دەکرێتەوە و ڕازی مەلەکووتی بۆ ئاشکرا دەبێت، پڕ دەبێت لە هەقیقەتەکانی کارە خوداییەکان". تەسەوف شەیدابوونی سەرچاوەی سەرچاوەکان، یان سۆراخی هەڵسووڕێنەری نەناسراوی گەردوون، هەروەها تێکۆشانە بۆ ناسینی هەموو ئەو شتانەی ئەودیوین، ئامانجە هەرە سەرەکیەکەی تەسەوف بریتییە لە ناسینی جەختی و گەیشتن بە یەقین، واتە بڕینی سنووری هەموو ئەو شتانەیە کە بەهەستەکان یان زەین دەرکیان دەکەین، کەواتە تەسەوف لە هەست و ژیر تێپەڕ دەکات (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٣٩،٨٩). غەزالی پێیوایە چەقی زانین و ئامرازی سۆفی بۆگەیشتن بە یەقین (دڵ)ە، نەك ژیر، هەروەها ناوەندی خۆشەویستی خوداییە، زانست و زانین لە دڵ و خۆشەویستیدا کورتدەکەنەوە بە ڕۆح و بەرزاندن (تەجەلای)ی نهێنی، کە لە ڕاستیدا ڕووکاری شرۆڤەی هەمان شتن، کە لە کۆتاییدا یەك هێزی ناونراو بە "دڵ" بە داناییەکی گشتی کۆتایی دێت، مەبەست لە "دڵ" بەلای غەزالیەوە ئەو ترومپا سنەوبەریە نییە کە لە سینگدایە، بەڵکو جوانی و نیانییەکی خواهانەی نائەستووییە کە مرۆڤ هەقیقەتی پێدەرك دەکات، تێیدا هەقی پێ دەناسێتەوە و بەندە خوای پێ خۆشدەوێت، بە دەربڕینێکی دیکە نێوەندی پێرسەپتی زەوقیە لەمرۆڤدا (عفیفي، ١٩٦٣، ٢٤٢).

"دڵ" دەروونی مرۆڤە و هەقیقەتی خودای پێ دەناسێت، ملکەچی خودایە ئەگەر لە سیفاتی ناشیرین ڕزگار بکرێت، بەڵام ئەگەر ڕزگار نەکرێت یان پاك نەکرێتەوە لە سیفاتی ناشیرین ئەوا دوژمنی سەرسەختی خودایە، سیفاتە پیسەکانی تێدا دەمێنێتەوە لە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و دووڕوویی، لەو کاتەشدا

جەستەش دەبێتە شوێنکەوتەی ئەو بە تەواوەتی، بەڵام گەر بەتەواوی پاککرایەوە ئەو سیفاتانەی لێ داماڵدرا، کە ناشیرینن ئەوا هەقیقەتی زانین دەناسێتەوە و بەگەورەترین زانین دەگات ئەویش ناسینی یان زانینی خودایە (الغزالي، ١٩٩٠، ١٧)، لە ڕوانگەی غەزالییەوە "دڵ" دوو دەرگای هەیە، یەکێکیان زانینی لێوە دەچێتە ژوورێ ئەویدی (وەهم)، سۆفیی ڕاستگۆ شوێنێك لەنێوان هەردوو جیهاندا دەگرێت کە (بەرزەخ)ە. هەروەك "جەلالەددینی ڕۆمی" دەڵێت: "سۆفیزم لە نێوان دڵ و ژیردا جیاوازی دەکات، هەردووکیان دوو ئامرازن بۆ دەرککردن، هەروەها جیاوازی لە نێوان هەردوو جۆری دەرککردنەکان دەکات بەوەی، کە دەرککردنی ژیری بە زانست ناو دەبات، دەرککردنی دڵیش بە زانین و چێژ ناو دەبات، خاوەنی دەرککردنی جۆری یەکەم زانایە و خاوەنی دەرککردنی جۆری دووەم (ناسەر - عارف"ە (عفيفي، ١٩٦٣، ٢٤٣).

هەروەها دەربارەی زانین لە ڕێگەی دڵەوە غەزالی نموونەیەك دەهێنێتەوە و دەڵێت: "ئەگەر بێین حەوزێك هەڵکەنین و هەوڵدەین لە چەند ڕووبارێکەوە ئاوی بۆ بەرین، یان دەکرێت حەوزەکە هێندە هەڵکەنین تادەگاتە ئاوێکی ڕوون و ساف، کە لەبنی حەوزەکە بێتە دەرێ"، مەبەستی ئەوەیە حەوزەکە دڵە و ڕووبارەکانیش هەستەکانن، دەکرێت لە ڕێگەی هەستەکانەوە دڵ زانیاری وەربگرێت یان تێبکرێت، بەڵام ئەگەر هەستەکان بگرین دەکرێت لە ڕێگەی خەڵوەت و بڕوا و دوورە پەرێزییەوە ئەو زانینە بێتە ناو دڵەکانمانەوە، دڵ خۆی ببێتە سەرچاوەی زانست و زانین (کارادوڤو، ١٩٨٤، ١٨٢).

لێرەوە دەگەین بەوەی کە غەزالی نەیتوانی لەڕێگەی ئامرازەکانی زانین (هەست و ژیر)، بگاتە ئەو زانینە یەقینەی کە داوای دەکرد، بۆیە ڕێگەیەکی تری هەڵبژارد ئەویش ڕێگەی (سۆفیزمە) بۆ گەیشتن بە زانین، چونکە ئەم

ڕێگەیەی ئەوان جیاوازە لە زانین لە ڕێگەی هەست و ژیر، زانینی سۆفییەکان وەستاوە لەسەر دۆزینەوە - پەردە لەسەر لادان، ئەمەش لە ڕێگەی پاککردنەوەی دەروونی کەسی سۆفییە لە هەموو کردەوەیەکی ناشیرین، لەم ڕێگەیەوە بە هەق یان زانینی دڵنیایی دەگات، یاخود بە واتایەکی تر، زانینی کەسی سۆفی لە ڕێگەی ئەو نوورەی (ڕووناکی) کە خوا بە گەورەیی خۆی دەیپەخشێنێتە دەروونی کەسی سۆفییەوە، لێرە مرۆڤ دەتوانێ وەکو سۆفییەکان دەڵێن: "گیانی خۆی بڵند بکات تا ڕاستەوخۆ دەگات بە هەق (خوا)، لەو کاتەدا پێویست بە بەڵگەی ژیری و هەستی نابێت لەسەر بوونی خوا"، بەم شێوەیە بە زانینێك دەگات کە جەختە و هیچ گومانێکی لەگەڵدا نییە ئەمەش ئەو جۆرە زانینەیە کە غەزالی داوای دەکرد (محمود، د.س، ١٠٢).

## بەشی دووەم: جۆر و پلەکانی زانین لای غەزالی

### باسی یەکەم: جۆرەکانی زانین لای غەزالی

غەزالی چەند جۆرێکی زانین دیاری دەکات و لە نێوان سێ جۆریان جیاوازیدەکات :-

**جۆری یەکەم: زانینی دەروون:** غەزالی سەبارەت بە زانینی دەروون دەڵێت: " پێویستە لەسەر خودی مرۆڤ خۆی بەباشی بناسێت، چونکە تاکو خۆی بە باشی نەناسێت ڕێگەیەکی دیکەی نابێت بۆ ناسینی خوا، زانینی دەروون کلیلە بۆ زانین و ناسینی خودا" لەگەڵ ئەمەشدا غەزالی پشت بە دەقێکی پەیامبەر (د.خ) دەبەستێت کە دەفەرمووێت: "ئەوەی خۆی بناسێت خوداش دەناسێت". هەر سەبارەت بەمە لە کتێبەکانی پەیامبەرانی کۆندا هاتووە کە "هۆ مرۆڤ خۆت بناسە تاکو خودا بناسیت"، بە هەمان شێوە لە ئینجیلیشدا هاتووە و دەڵێت: "وەکو ئەوانە مەبن کە خۆیان بیرچۆتەوە، چونکە خوای پاك و بێگەردیان بیرچۆتەوە"؛ مەبەست لە سەرجەم ئەو دەربڕینانە ئەوەیە، کە غەزالی دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە هیچ مرۆڤێك بە هیچ ڕێگەیەك ناتوانێت بگات بە زانین و ناسینی خودا، گەر پێشتر خودی خۆی نەناسێت، ناسینی کەسەکە خۆی، مەرجە بۆ ناسینی خودا؛ مەبەست لە گەیشتن بە ناسینی خودا بەلای غەزالییەوە گەیشتنە بە ڕاستییەک کە هیچ گومانێکی لێ ناکرێت و دوا پلەی هەموو زانینەکانە (الغزالي، ١٩٩٠، ١٤).

لە لایەکی دیکەوە هەر دەربارەی دەروون غەزالی دەڵێت: "دەروون زانا بوو، لە سەرەتای دروستبوونی ڕووناك بوو بۆ تێگەیشتن و داهێنان، بەڵام تووشی نەزانین بوو بە هۆی ئاوێتە و تێکەڵبوونی لەگەڵ جەستەدا"، بە واتای ئەوەی دەروون شتێکی پاك و زانایە، بەڵام کاتێك دێتە نێو جیهان تووشی بەدکاری دەبێت، ئەمەش بە هۆی بەدیی دونیایە، بۆیە پێویستە خۆی لە هەموو

ئەو بەدییانە ڕزگار بکات کە تووشی هاتوون، ئەمەش لە ڕێگەی خۆ دوورخستنەوەی دەبێت لە هەموو ئەو هەوا و ئارەزووانەی دەروون کە لە دونیادا، ئەمەش پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە، تاکو خۆی لەم ئارەزووانەی ڕزگاربکات (الغزالي، د.س، ٢٥١)، دەروون لەلای غەزالی بە دوو واتا دێت: یەکەمیان کۆی هەموو ئەو خەسڵەتە ناشیرین و خراپانەیە کە لە مرۆڤدا هەن، ئەمەش بە هێزە ئاژەڵییەکەی مرۆڤ ناوی دەبات، کە ڕووبەڕووی ژێر دەبێتەوە؛ دووەمیشیان دەروونە، ڕاستییەکەی خودی مرۆڤە کە جێگەی زانینە دروستەکانە و لە ڕێگەیەوە هەقیقەتی پێدەناسێتەوە (الغزالی، ١٩٩٠، B٢١)، هەروەها "جورجانی" لە کتێبی "التعريفات"دا پێناسەی دەروونی زیندەوەر دەکات و دەڵێت: "تەواوبوونی جەستەی یەکەمی سروشتییە لە لایەنی دەرککردنی زانینە گشتێتی و کردارە هزرییەکان"، هەروەها پێناسەی دەروونی ئاقڵ دەکات کە: "جەوهەرێکی پەتیی ئەستوورییە، کاتێك ئەم دەروونە جێگیربوو لەژێر فەرماندا، نائارامی و ڕاڕایی نەما بەهۆی ئارەزووەکانیەوە، بە دەروونی دڵنیایی ناو دەنرێت" (الجرجاني، ١٣٠٦هـ، ١٠٧). هەر لە چوارچێوەی زانینی دەروونیدا، غەزالی مرۆڤ لە دروستکراوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و دەڵێت: "بزانە کە خوای گەورە مرۆڤی لە دوو شت دروستکردووە، یەکەمیان جەستەیەکی تاریك و چڕ بەشەکەی تریشی دڵە"، مەبەستی لە "دڵ" ئەو بەشە گرنگەی مرۆڤە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بە هەقیقەت بگات، کاتێك بە نووری خودا ڕووناك بکرێتەوە، هەروەها غەزالی هەریەك لە "جەستە و دڵ" بە بوارێکی گرنگ دەزانێت لە زانیندا و بەم شێوەیە باسی جەستە دەکات و دەڵێت: "خوای گەورە کۆمەڵێك شتی بە هەموو مرۆڤێك بەخشیوە، کە پێویستی پێیەتی لە ژینیدا وەکو دڵ و جگەر و مێشك..."، مرۆڤ کاتێك بیر لەمانە دەکاتەوە ئیمانی بەهێز دەبێت و لەم ڕێگەیەوە دەزانێت، کە خوای گەورە ئەوی بە جوانترین شێوە دروستکردووە (الغزالي، د. س، ٢١٤).

هەروەها غەزالی پێیوایە کە دڵ نێوەندی زانین و خۆشەویستی خوایە، بەڵام دڵێك کە پەردەی بەسەردا درابێت و ڕەش بێت و هەوا و ئارەزووەکان داگیریان کردبێت و کاریگەریی ژێری لەسەر نەبێت ئەم پێگەیە وەرناگرێت (عفیفي، ١٩٦٣، ٢٤٤)، هەر لە ڕوانگەی غەزالییەوە دڵ لە دوو لاوە لە جەستە بەرزتر و باشترە، یەکەمیان لەلایەنی زانستەوە خودا هێزی ئەوەی پێدەبەخشێ تاکو هەموو زانستەکانی پێدەرکبکات، لە شەریعەت و ئەندازە و ماتماتیك و پزیشکی و ئەستێرەناسی...هتد، بۆ ئەوەی زانستی هەبێت سەبارەت بەوەی کە لە ئاسمان و زەویدا هەیە، هەروەها دووەمیان لەلایەنی هێزەوە دڵ لە ڕەگەزی فریشتەکانە، هەروەکو چۆن جیهانی جەستەکان بە فرمانی خودا بەفریشتەکان سپێردراوە، وەکو باراندنی باران و هەڵکردنی با...هتد، دڵیش لە مرۆڤدا خاوەنی هەمان هێزە (الغزالي، ١٩٩٠، ١٧).

**جۆری دووەم: زانینی جیهانیانە:** پلەی ئەو زانینە نزمتر و لاوازترە لە ڕۆژی دوایی و بەر لەمردنە، مرۆڤ هەر لە سەرەتادا بە کەم و کورتی لەدایك بووە، بەو واتایەی زانینی سەبارەت بە شتەکانی سەر زەمین نییە، بەڵام لە توانایدا هەیە بۆ ئەوەی بگاتە پلەیەکی بەرز و تەواوەتی و بتوانێ زانینی سەبارەت بە شتەکانی سەر زەمین هەبێ، لەپێناو بەردەوامبوون و مانەوەی لە ژیاندا، لەبەرئەوەی مرۆڤ پێکهاتووە لە (لەش و دڵ) لەشیش پێویستی بە خواردن، جلوبەرگ، شوێنی حەوانەوە و ...هتد هەیە، بۆ دابینکردنی هەموو ئەو شتانەش پێویستی بە زانین هەیە سەبارەت بە هەریەك لە بابەتەکانی سەر زەمین، لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ پێویستە لە دنیادا ملکەچی بنەماکانی شەریعەت بێت، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا سەرفرازبێ و خوا ببینێ، ئەمەش فیردەوسە و لووتکەی بەختەوەرییە، بەڵام هەرگیز ناشێت مرۆڤ خوا ببینێ تاکو چاوەکانی نەکاتەوە و نەگاتە ناسینی خوا، بە هیچ شێوەیەکیش ناگاتە ئەو زانینە تاکو شتە

سەرسوڕهێنەرەکانی سەر زەمینیش نەزانێ کە خوا دروستیکردوون، هەروەها ناگاتە زانینی دروستکراوەکانی بە هەستەکانی نەبێت، بەم شێوەیە زانینی زەمینی زانینێکی هەستییە و مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەتوانێ پێیبگات، کە خوا بە چ گەورەیی و دەسەڵاتێك دروستیکردوون. لای غەزالی خۆراکی دڵ زانینی خودا و خۆشەویستیەکەیەتی، هۆکاری هیلاکیەکەشی ئەوەیە کاتێك دڵ نقوم دەبێت لە خۆشەویستی شتێك جگە لە خوا، بە هەمان شێوە جەستەش کاتێك زیادەڕۆیی کرد لە بەکارهێنانی ئەو شتانەی پێویستی پێیەتی لە زەمین، وەکو خۆراك و جلوبەرگ و شوێنی خۆ پاراستن...هتد، دەبنە هۆکاری بەهیلاکچوونی (الغزالي، ١٩٩٠، ٢٤-٢٥). مرۆڤ لە ژیانی زەمینیدا پێویستی بە زانست و زانین دەبێت، بۆ ئەوەی کاروباری ڕۆژانەی خۆی پێ ڕێکبخات، بەم شێوەیە غەزالی سێ جۆری زانست دیاری دەکات، ئەوانیش (سیاسی و دادوەری و بنەماکانی شەریعەتن)، ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی باش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دروستبێت و کۆمەڵگایەکی باش دادەمەزرێنن ؛ هەموو ئەو شتانەی لە زەمیندا هەیە هەمووی بۆ جەستەیە و جەستەش بۆ دڵە، کاری سەرەکی دڵیش ئەوەیە خودا بناسێت؛ لێرەدا ئاماژە بۆ فەرموودەیەکی پەیامبەر (د.خ) دەکەین کە سەبارەت بەدونیا گوتوویەتی: "احذروا الدنيا فانها اسحر من هاروت و ماروت" واتا ئاگاداری دنیابن، چونکە ساحیرترە لە هاڕووت و ماڕووت، مەبەستی ئەوەیە زیادەڕۆیی لە دنیادا دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە دواڕۆژمان، بەم شێوەیە مرۆڤ پێویستە لە دنیادا زانین و ئاگایی هەبێت بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت و لە دواڕۆژدا بەختەوەر بێت (الغزالي، ١٩٩٠، ٢٤-٢٥).

**جۆری سێیەم: زانینی دواڕۆژ:** بە بۆچوونی غەزالی زانینی ڕۆژی دوایی لە چاو ئەو زانینەی لە دنیادا هەمانە بەرزتر و باشترە، چونکە زانینی ڕۆژی دوایی

وەکو جەوهەر وایە و گۆڕانی بەسەردا نایەت، کەم ناکات، لەناوچوونی نییە، هەروەها پەرستن وازهێنانە لە خۆشی و ئارەزووەکانی نێو زەمین، بە مەبەستی ڕووکردنە ڕۆژی دوایی، ئەو زوهدەی کە سۆفی دەیکات بە مەبەستی بەختەوەرییە لە ڕۆژی دوایی نەك هەر سەر زەمین، چونکە زانینی ڕۆژی دوایی چاکەیەکی بێکۆتایە؛ غەزالی زەمین بە پارچە سەهۆڵێك دەچوێنێ کاتێك لەبەر تیشکی خۆردا دایدەنێی، بە بەردەوامی دەتوێتەوە تاکو لە کۆتاییدا نامێنێ و بە تەواوی لەناو دەچێت، بەڵام ڕۆژی دوایی بە پێچەوانەوەیە (مرحبا، ٢٠٠٧، ٦٩٣). زانینی دواڕۆژیش ئەو زانینەیە، لە دوای مردنی مرۆڤەوە دەستپێدەکات، زانینی مردنیش ناتوانین بزانین تەنها دوای زانینی ژیان نەبێت، مرۆڤ پێکهاتووە لە لەش و دڵ، لەش پێکهاتووە لە (لەش و ڕۆح) لەش - لە کۆمەڵێك شتی وەکو گۆشت و ئێسك و خوێن و پێست...هتد پێکهاتووە، بەڵام ڕۆح پێچەوانەی لەشە و شتێکە مرۆڤ ناتوانێت دەرکی پێبکات، ئەم ڕۆحە هەڵمێکی ناسکە لە خوێن بەرز دەبێتەوە و سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ زانین (الغزالي، ١٩٩٠، ٢٨). پەیامبەر (د.خ) باسی ژیانی دواڕۆژ دەکات و دەفەرمووێ: "خەڵك نوستوون کاتێ گەر مردن بەئاگا دێنەوە، ژیانی دنیا خەوێکە بە بەراورد بە ژیانی دواڕۆژ، کاتێك مرۆڤ مرد ئەوەی بۆ دەردەکەوێ شتەکان جیاوازن لەوەی کە لەزەمیندا بینیونی"، مەبەستی لێرەدا ئەوەیە مرۆڤ کاتێك لەسەر زەمیندا دەژی وەکو ڕێبوارێك وایە، بەشوێنێکدا تێپەڕ دەبێت و دەڕوات، بۆیە پێویست ناکات ئەوەندە گرنگی بە ژیانی زەمین و هەوا و ئارەزووەکانمان بدەین، چونکە هیچ زانینێکی ڕاستەقینەی لێ بەدەست نایەت، تەنها بە گەڕانەوە نەبێت بۆلای خوا، چونکە زانینی ڕاستەقینە تەنها لە خەزێنەکانی خوادایە ئەمەش کاتێك مرۆڤ دەتوانێت بە دەستی بهێنێت بە گەڕانەوە لە زەمینەوە بۆ لای خوا، بەمپێیە کاتێك مرۆڤ زانینی دواڕۆژی

دەستدەکەوێت کاتێك دڵ پەیوەندیی خۆی دەپچڕێنێ لەگەڵ جیهانی دەرەوە (زەمین) بە دوورکەوتنەوە لە خۆشویستنی ماڵ و سامان (عبدالمهیمن، ۲۰۰۱، ١٤٤).

**باسی دووەم: پلەکانی زانین لای غەزالی**

غەزالی پێیوایە مرۆڤەکان لە چۆنیەتی وەدەستهێنانی زانین یەکسان نین ، هەروەها لەوەشدا کە پێویستە چ ڕێگایەك بگرنەبەر بۆ ئەوەی زانست و زانین بەدەست بێنن، بەم شێوەیە غەزالی پلەکانی زانین دابەشدەکات بۆ سێ پلە :-

**پلەی یەکەم: بیروباوەڕی خەڵکی گشتی سادە و ساکار:** ئەم جۆرەیان باوەڕێکی داب و نەریتی پەتییە، ناتوانێت ڕاستی ئاشکرا بکات، غەزالی پلەیەکی نزم زانینیان دەداتێ، چونکە ئەوانە هێشتا خۆیان لە کۆتی هەستەکان ڕزگار نەکردووە، زانینەکەیان لە هەستەکانەوە براوەتەوە، هەروەها پابەندن پێیەوە بە جۆرێك ئەو زانینەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەستیاندەکەوێت باوەڕی پێدەهێنن، (ابوریان، ۱۹۸۳، ٢٠٤)، بەبێ ئەوەی بەدواداچوونی ورد و پوخت بۆ سەرچاوەکەی بکەن، ئەمانە بە هەموو شێوەیەك پابەندن بە دەقەکانی قورئان و سوننەتی پەیامبەرەوە، بە جۆرێك ناتوانن بە هیچ شێوەیەك تێیانبپەڕێنن و لێیان دەربازبن و ناتوانن باسی فەلسەفە بکەن، تا ببنە خاوەنی هزرینێکی ئازاد و ژیرمەندانەی خۆیان، چونکە تێڕوانینی ژیرمەندانە بەلای غەزالییەوە لە کاروباری زەمیندا دەریایەکی گەورەیە ناکرێت خەڵکی گشتی بچنە ناوی، چونکە مەلە نازانن؛ پێویستیشە لەسەر خەڵکانی گشتی کە دەست بە شتە دیارەکانی قورئان و سوننەتەوە بگرن، بەبێ لێکدانەوە "تەئویل"، چونکە لێکدانەوەی مرۆڤی گشتی بە کەوتنە ناو دەریا دەچێت، پێویستە لەسەر کەسێك کە مەلە نازانێت لە ڕۆخی دەریا دوور بکەوێتەوە، غەزالی بەم شێوەیە باسی زانینی خەڵکی گشتی دەکات و نموونەیەك دێنێتەوە و دەڵێت: "ئەگەر کەسێك

پێیان بڵێت کە کەسێك لەناو خانوویەکدا هەیە، بەبێ ئەوەی بچنە ژوورەوە و ببینن یاخود گوێیان لە دەنگی ببێت یەکسەر باوەڕ دەکەن کە کەسێك لە ژوورەوە لەناو خانووەکەدا هەیە"، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سادەیی و نزمیی باوەڕ و زانینی خەڵکی گشتی (حلمي، ١٩٧٠، ١٣١).

**پلەی دووەم: بیروباوەڕی زاناکان:** بەلای غەزالییەوە زانینی زاناکان پلەیەك بەرزترە لەزانینی خەڵکی سادە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێیوایە ئەم جۆرە زانینە لەگەڵ ئەوەی پلەیەك بەرزترە لە جۆری یەکەم، بەڵام هەر لە جۆری یەکەمەوە نزیکە نەك لەگەڵ جۆری سێیەم، کە پلەی باڵایە و بە بیروباوەڕی سۆفییەکان ناسراوە (الغزالي، ١٩٧٥، ٢٦)، زاناکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خاوەنی تێڕوانین و بیرو بۆچوونن، یاخود خاوەنی لێکۆڵینەوە و بەڵگەکاری "ئیستدلال"ن، بەشدارن لەگەڵ فەیلەسووفان لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە، بەڵام غەزالی سەبارەت بەم جۆرە بیروباوەڕە پێیوایە کە تێکەڵاوکردن و بەلاڕێدا بردن زیاترە وەك لە دۆزینەوە و زانین، لەلایەکی ترەوە پێیوایە کە کەسی زانا هیچ شتێك بۆ زانست زیاد ناکات (محمود، ٢٠٠٣، ٢٠٤)، غەزالی قسە و ڕوانگەکانی لەسەر زانایان و هەموو ئەوانەی کاردەکەن لەبواری توێژینەوە و پرسیارکردن زۆر کاریگەر بوون، ئەم ڕوانگەیەی غەزالی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جێگیر دەبوو، لە ئەزموونە زانستییەکانی بەتەواوی گەیشت بەو هەقیقەتەی کە بڵێت زانستی زاناکان چارەسەرێکی کاتی و نەگۆڕە بۆ ئەوانەی کە گومان و لێکچواندنیان هەیە، پێیوابوو گەیشتن بە هەقیقەتی شتەکان و متمانە بەخشین بە ژیر لەڕێگەی زانستەوە پێناگەین، چونکە هەرگیز زانست ناتوانێت هەقیقەت و ڕاستیی باوەڕمان بۆ دەربخات، چونکە زانست ئامرازێکە بۆ داکۆکیکردن لە هەق نەك ئامێرێك بێت بۆ دۆزینەوە، هەر بۆیەشە غەزالی دەڵێت: "گەیشتن بە هەقیقەتی زانین لەم ڕێگەیەوە لە کردن نایەت، چونکە زانست هیچ

دۆزینەوەیەك و پێناسەیەك نادات بە دەستەوە تەنها زانست دەتوانێت پاسەوانی بیروباوەڕ بکات"، جیاوازی نێوان غەزالی و زاناکان لەوەدا نییە کە چ دەزانن، بەڵکو لەسەر ئەو ڕێبازەیە کە دەیانگەیەنێت بە هەقیقەت (قمير، ٢٠٠٧، ٦٥)، غەزالی هەمان ئەو نموونەی بۆ جۆری یەکەمی هێنایەوە بۆ بیروباوەڕی زاناکانیش دەهێنێتەوە و دەڵێت: "گەر بە کەسێك بڵێن کەسێك لەناو خانوویەکدایە، تەنها بەبیستنی دەنگی ئەو کەسە یەکسەر باوەڕ دەکات کە کەسێك لەناو خانووەکەدایە، بەبێ ئەوەی بچێتە ژوورەکە و کەسەکە ببینێت"، جیاوازی ئەم نموونەیە لەگەڵ نموونەکەی پێشتر، لەوەدایە لەم جۆرەیاندا کەسەکە گوێبیستی دەنگی ئەو کەسە بووە کە لەناو خانووەکەدایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بیروباوەڕی زاناکان پلەیەك بەرزترە لە هی خەڵکی گشتی (حلمي، ١٩٧٠، ١٣٢).

**پلەی سێیەم: بیروباوەڕی سۆفییەکان:** بەلای غەزالییەوە بیروباوەڕی سۆفییەکان بینینی ڕۆشنایی یەقینە، لەچاو جۆرەکانی دیکە پلەیەکی باڵای هەیە، پلەی باڵا ئامانجێکی بەرزە، ویستی ڕاستگۆکانە بۆ گەیشتن بە ڕۆحانیەت و دڵنیایی ڕەها و بە نووری یەقین، بۆ گەیشتن بە زانینی خوا و سیفاتەکانی (ابوريان، ١٩٨٥، ٢٠٤)، ئەم جۆرە لە زانین لە ئاست ڕووکاری دەرەوەی دەقە قورئانی و فەرموودەکان گیرنایێ، هەروەها تێڕوانینی ژیرمەندانە و ئیستدلالی لۆژیکی قەناعەتیان پێناکات، بۆیە ئەوانە تێدەپەڕنە سەر جۆرێکی دیکەی زانست کە خوا دەیپەخشێنێتە دڵی مرۆڤەوە، بەوەش خودا دەبینن بە ڕۆشنایی دڵنیایی، کە ئەمەش ئەو ئامانجە سەرەکییەیە هەوڵی بۆ دەدەن (حلمي، ١٩٧٠، ١٣٢). ئەم جۆرەش لە زانین بە خۆ ماندووکردنێکی زۆر دەبێت، تاکو ئەو ڕۆشناییە لە دڵی کەسی سۆفی هەڵدێت، غەزالی پێیوایە ئەمە لەڕێگەی بەڵگەوە پێیناگەین، بەڵکو لەڕێگەی "چێژ"ەوە دەبێت، ئەمەش دوای وەرزشێکی زۆر بۆ

پاککردنەوەی دڵ و دەروون و بڕینی هەموو ئەو کۆسپانەی کە دێنە پێشی، هەروەها پاککردنەوەی لە هەموو ڕەوشتە ناشیرین و خراپەکان و پڕکردنەوەی دڵ و دەروون و ڕازاندنەوەی بە یادی خوا ئەوجار دەتوانێت بەو پلە بەرزەی زانین بگات (بزون، ١٩٧٧، ١٤٢). بە هەمان شێوە غەزالی نموونە بۆ بیروباوەڕی سۆفییەکانیش دێنێتەوە و دەڵێت: "ئەوانە ئەگەر کەسێك پێیان بڵێ کەسێك لەناو ئەو خانووەدایە باوەڕی پێناکەن، تەنانەت ئەگەر گوێشیان لە دەنگی بێت، تەنها کاتێك باوەڕ دەکەن ئەگەر ببینن و گوێبیستی دەنگی ببن، کەواتە زانینی سۆفییەکان "ئاشکراکردن، دۆزینەوە و بینین - مکاشەفە و مشاهەدە" یە (حلمي، ١٩٧٠، ١٣٢).

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم خاڵانەی خوارەوە :

١- مرۆڤ لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە دەتوانێت بزانێ، بۆنموونە دەتوانین لە ڕێگەی هەستەکانەوە بزانین، ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە ڕێبازی ئەزموونیەکان داوایان دەکرد لە هزردا، بەڵام غەزالی بە پێچەوانەی ڕێبازی ئەزموونیەکان هەستەکان وەکو سەرچاوەیەکی زانینی ڕاستی نازانێت و پێیوایە هەستەکان ناتوانن هەموو شتێك بزانن و سنوورێکی دیاریکراویان هەیە ناتوانن لەم سنوورە تێپەڕ بکەن، بۆیە زانین لە ڕێگەی هەستەکانەوە بە زانینێکی ناڕاست و ناتەواو دەزانێت.

٢- غەزالی ڕێگای سۆفیزمی گرتەبەر لە زانیندا، پێیوابوو کە زانینی سۆفییەکان باشترین جۆری زانینە و زانینێکی ڕاستەقینەیە و هیچ گومانێکی لەگەڵدا نییە، چونکە لە سەرچاوەیەکی کامڵ و بێ کەموکوری ئەم زانینەیان دەستدەکەوێت ئەویش خوایە کە بەدەرە لە هەڵە.

٣- زانینی سۆفیزمەکان لە ڕێگەی ئەو ڕووناکیەوەیە کە خودا دەیپەخشێنێتە ئەو دڵانەی کە بە زیکری خوا ڕازاونەتەوە و لە خەسڵەتی ناشیرین پاککراونەتەوە.

٤- زانینی سۆفیزمەکان لە ڕێگەی فێرکردنەوە یان مامۆستایەکی تایبەت بەدەست نایەت، بەڵکو لە ڕێگەی کۆششێکی زۆری دەروونییەوە دەبێت، هەروەها دەبێت بۆ خۆت بەو ئەزموونەدا تێپەڕبیت تا پێیبگەیت.

٥- زانینی خەڵکی سادە زانینێکی پلە نزمە و زیاتر لاساییکردنەوەیە، زانینەکان زیاتر بە شێوەیەکی داب و نەریتییە، بەبێ ئەوەی خۆیان بیربکەنەوە، دەتوانین بڵێین هیچ جۆرە زانینێکیان نییە.

٦- چەندین جۆر زانینی جیاواز هەیە، کە هەر خودێک خاوەنی زانینێکی خۆیەتی جا ئەو زانینە زانینێکی بەرزبێت یان نزم.

٧- زانینی زانایان لە زانینی خەڵکی سادە جیاوازە، چونکە ئەمانە زیاتر پشت بە لۆژیك و بەڵگە دەبەستن بۆ زانینەکەیان.

٨- مرۆڤ پێویستی بە زانینی دنیایی دەبێت بۆئەوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی پێ ڕێکبخات و کۆمەڵگەیەکی تەندروست و باش دروستبکات، هەروەها بۆئەوەی لە دوارۆژیدا بەختەوەر بێت.

**پەراوێز:**

[1] غەزالی ناوی (محمد کوڕی محمد کوڕی احمد الطوسی) یە لە ساڵی (٤٥٠هـ -١٠٥٨ز) لە طوس لەدایك بووە کە یەکێکە لە شارەکانی خۆراسان، فەیلەسووف و سۆفی بووە، لە کەسایەتییە مێژووییەکانی ئیسلام لەقەڵەم دەدرێت، کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر زانستی دونیا و دین لەکۆنەوە تاکو ئێستا، باوکی پیاوێکی هەژار بوو کاری چنینی سووف بووە زۆریشی زانست خۆشدەویست، غەزالی لەماوەی خوێندنیدا دیالێکتیك و لۆژیك و فەلسەفەی خوێندووە، ابو المعالی الجوینی کاریگەری لەسەر غەزالی هەبووە و ماوەیەك خوێندکاری بووە، لە دوای مردنی جوینی مەکەی جێهێشت و ڕووی کردە بەغداد لەوێ وەك مامۆستا دادەمەزرێت ئەوکات تەمەنی ٣٤ ساڵ بووە لەو ماوەیەدا ناوبانگێکی باشی پەیداکردووە، هەر لەو قوتابخانەیەی بەغداد فەلسەفەی بە قووڵی خوێندووە، بەرهەمەکانی فارابی و ابن سینای خوێندۆتەوە لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوەیەدا کتابە بەناوبانگەکەی بە ناوی"تهافت الفلاسفة" دەنووسێ کە لەم بەرهەمەدا هێرش دەکاتە سەر فەیلەسووفان و بێ ئاگاییەکەیان دیاری دەکات، غەزالی لە ماوەی چوارساڵ لە بەغداد بە کێشەیەکی دەروونی دژواردا تێپەڕدەبێت کە لە کتابی"منقذ من الضلال"دا باسی کردووە، غەزالی لە ساڵی (٤٨٨هـ -١٠٩١ز)، بەغداد بەجێ دەهێڵێت بە مەبەستی ئەوەی کە بچێتە حەج دوایی جارێکی تر دەگەڕێتەوە بەغداد، لە ساڵی (٤٩٩هـ -١١٠٢ز) دەچێتە قوتابخانەی"نیساپوور"، لە دواییدا دەگەڕێتەوە بۆ"طوس" لەوێ خەریکی وتاربێژی و خواپەرستی و وانە وتنەوە دەبێت بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، ساڵی (٥٠٥هـ - ١١١١ز)، کۆچی دوایی دەکات، غەزالی لەماوەی ژیانیدا چەندین کتابی نووسیوە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان، توێژەران کۆك نین لەسەر ڕێژەی بەرهەمەکانی هەندێکیان پێیانوایە نزیکەی ٦٠٠ نووسراوی هەیە، بەڵام زۆربەی باوەڕیان وایە نزیکەی ٨٠ کتاب و نامەی هەیە، د. عبدالرحمن البدوی پێیوایە ڕێژەی کتابەکانی غەزالی ٦٩ کتابە، هەروەها جمیل صلیبا و کامل عیاد لیستێکیان بۆ کتابەکانی غەزالی داناوە کە ٢٢٨ نامە و کتابی لەخۆ گرتووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی گومان هەیە لە ڕێژەی بەرهەمەکانی غەزالی. بڕوانە: (شمس الدین، ٢٠٠٣، ٩-١١).

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بەزمانی عەرەبی**


١- بزون، حسن(١٩٧٧) المعرفة عند الغزالي النظرية التربوية والتعليمية، مؤسسة النشاء العربي، بيروت.
٢- التكريتي، ناجي(د. س)، الفلسفة الاخلاقية الافلاطونية عند مفكري الاسلام، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع.
٣-الجرجاني(١٣٠٦) كتاب التعريفات، ط١، مصر.
٤- الحسيني، السيد جعفر (د.س)، معجم مصطلحات المنطق (عربي_انجليزي_فرنسي)، ط١، مطبعة بقيع، دار الاعتصام للطباعة والنشر، (د.م).
٥- حلمي، محمد مصطفى(١٩٧٠)، الحياة الروحية في الاسلام، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، القاهرة.
٦-الذين، سميح عاطف(١٩٨٨)، الغزالي، دار الكتاب اللبناني، بيروت.
٧- ابوريان، محمد علي(١٩٨٥)، تاريخ الفكر الفلسفي في الاسلام، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.
٨- زيدان، محمود(١٩٨٩)، نظرية المعرفة عند مفكري الاسلام، ط١، دار النهضة العربية، بيروت،.
٩- السكري، عادل(١٩٩٩)، نظرية المعرفة من سماء الفلسفة الى ارض المدرسة، ط١، دار المصرية، القاهرة.
١٠- شمس الدين، احمد(٢٠٠٣)، تهافت الفلاسفة، ط١، دارالكتب العلمية، بيروت.
١١-صليبا، جميل(١٣٨٥)، المعجم الفلسفي، ج٢، ط١ مطبعة سليمانزاده.
١٢-الطويل، توفيق(١٩٧٦)، اسس الفلسفة، القاهرة.
١٣-عبدالرحمن، السيد(د.س)، اسس الفلسفهة، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، (د.م) .
١٤- عبدالمهيمن، احمد(٢٠٠١)، نظرية المعرفة بين ابن رشد وابن عربي، ط١، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية.
١٥- عطيو، حربى عباس و موزة محمد عبيدان(٢٠٠٣)، مدخل الى الفلسفة و مشكلاتها، ط١، دار النهضة العربية، بيروت.

١٦- عفيفى، ابو علاء(١٩٦٣)، التصوف الثورة الروحية في الاسلام، ط١، دار المعارف، الاسكندرية.
١٧- غالب، مصطفى(١٩٧٩)، في سبيل الموسوعة الفلسفية، الموسوعة الفلسفية الشاملة، منشورات دار ومكتبه الهلال، بيروت.
١٨- الغزالي، ابو حامد(١٩٧٥)، أحياء علوم الدين، م٣، دار الفكر، بيروت.
١٩- الغزالي، ابو حامد(٢٠٠٣)، تهافت الفلاسفة، تحقيق: احمد شمس الدين، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت.
٢٠- الغزالي ، ابو حامد(١٩٩٠)، رسالة في المعرفة، تحقيق: مهند الاعسم، ط١، مطبعة العاني، بغداد.
٢١- الغزالي، ابو حامد(ب.س)، مجموعة رسائل الامام الغزالي (الرسالة اللدنية)، تحقيق: ابراهيم امين محمد، المكتبة التوفيقية، القاهرة.
٢٢- الغزالي، ابو حامد(١٩٩٠)، معارج القدس في مدارج معرفة النفس، منشورات وتوزيع المكتبة العالمية، بغداد.
٢٣- الغزالي، ابو حامد(١٩٦٠)، المنقذ من الضلال، تحقيق: جميل صليبا و كامل عياد، ط٦، مطبعة جامعة دمشق.
٢٤- فخري، ماجد(د.س)، تاريخ الفلسفة الاسلامية، ت: كمال يازجي، دار المتحدة للنشر والتوزيع، بيروت.
٢٥- الفلاحي، عبدالله محمد(٢٠٠٣)، نقد العقل بين الغزالي و كانت، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
٢٦- قمير، يوحنا(٢٠٠٧)، الغزالي، ط٤، دار المشرق، بيروت.
٢٧- كارادوڤو، اباروڤ(١٩٨٤)، الغزالي، ت. عادل زعيتر، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
٢٨- الكمالى، محمد محمد الحاج حسن(١٩٩٣)، محاضرات في الفلسفة الاسلامية، ط١، مؤسسة الفاو للنشر والتوزيع والاعلام، يمن.
٢٩- محمد، على عبدالمعطي(١٩٨٥)، مقدمات في الفلسفة، دارالنهضة العربية، بيروت.
٣٠- محمود، زكى نجيب(د. س) ، نظرية معرفة، مكتبة الانجلو المصرية، قاهرة.

٣١- محمود، عبدالحليم(٢٠٠٣)، المنقذ من الضلال لحجة الاسلام الغزالي، ط١، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت.
٣٢- مرحبا، محمد عبدالرحمن (٢٠٠٧)، من الفلسفة اليونانية الى الفلسفة الاسلامية، ط٢، م٢، عويداد للنشر والطباعة، بيروت.
٣٣- نصري، هاني يحيى(٢٠٠٣)، المنطق و الابستمولوجيا، منشورات وزاره الثقافة، سوريا.
٣٤- مدكور، ابراهيم(١٩٨٣)، المعجم الفلسفي، مجمع اللغة العربية، قاهرة.

**دووەم: بە زمانی کوردی**

٣٥- ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوڵ(٢٠٠٤)، ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە، ب١، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین.
٣٦- نەقشبەندی، ئەمین شێخ علاء الدین(٢٠٠٢)، تەسەوف چییە، چ٢، چاپخانەی ئۆفیسی ژین، سلێمانی.
٣٧- سدیق، پ. د. حەسەن، حوسێن(٢٠٢٢)، تیۆری زانین (زانین لەنێوان فەلسەفە و ئاییندا)، زانکۆی ڕاپەڕین، چ١.

## الخلاصة

### المعرفة اليقينية ومنابعها عند ابو حامد الغزالي

الانسان في كل مرحلة من مراحل حياته وحالاته دوما في محاولات دؤوبة طمعا في الحصول على العلم الحقيقي واليقيني ومن اجل ذلك سلك الانسان شتى الطرق والمناهج وكما يشير الفيلسوف ابو حامد الغزالي انه لم يترك اي مذهب فلسفي او كلامي الا ولجأ اليه للحصول على العلم اليقيني الذي لايحتمل الشك.

هنا نود الاشارة الى ان الانسان قد يتمكن وعن طريق الحواس والعقل من الوصول الى معارف وعلوم شتى ولكن الغزالي رفض كل هذا وشك في قدرة العقل والاحساس في الوصول الى العلم اليقيني، وبعد جهد جهيد وفحص وتمحيص في علوم الاولين والاخرين وفي نهاية المسار توصل الى انه سيتمكن من ايجاد اليقين التام الكامل عن طريق المعرفة القلبية لأنها مستمدة من مشكاة القرآن والنبوة، ويكون ذلك عن طريق نور يقذفه الله تعالى في قلوب من يختاره من عباده الصالحين وينور قلبه ويطهر قوله وافعاله وعمله من الدنس والخطأ وفي دراستنا هذه دراسة تحليلية مقارنة تطرقنا الى فلسفة الغزالي بدقة وتعمق وتوصلنا الى عدة نتائج عرضناها في البحث .


**الكلمات الدالة:** الغزالي ، العلم، التصوف، الشك، العقل، اليقين.

## Abstract

### Ways of achieving Knowledge Certainty by Abu Hanid al Ghazali

At any stage and circumstance, human beings have always tried to achieve real knowledge. For this purpose, he has taken different paths and methods. Ghazali points out that he has tried almost all methods and philosophical ways to achieve a kind of knowledge without doubt. Although one can know in many different ways, such as (our feelings and reason), Ghazali rejects such knowledge and believes that we cannot know everything, until eventually adopts this knowledge because of Sufism. The Sufi knowledge has no doubt, because we can achieve it from a perfect source, which is God, through the light that God pours it into the hearts that have been enlightened by the light of faith and cleansed from sins, bad actions and words. This study used both analytical and comparative methods to reach desired conclusions.


**Key words** :Ghazali, knowledge, Sufism, doubt, reason, certainty